درێژەی لاپەڕە ٥

زمان و دروست بوونی دەوڵەتی مۆدێرن و دەوڵەت-نەتەوە

سەپاندن و گشتگیرکردنی زمانێک بە سەر ئەو نەتەوە و کەمە نەتەوە و ئەتنیک و گرووپە ئەتنیکییانەی کە زمانی جیاوازیان هەیە، لە پرۆسەی پەروەردەی فەرمی و زۆرەملیدا گشتگیر دەبێت و دەسەپێنرێت کە پەروەردەی فەرمی و سیستەماتیک و زۆرە ملی، دیاردەیەکی مۆدێرنی دوای دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرنە کە لە سەدەی هەژدەی زایینییەوە (پێشبەستێنەکانی لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە دروست بووە) دەست پێدەکات. دەوڵەتی مۆدێرن بۆ داڕشتنی ستاتۆسی یەکپارچە کە بتوانێت لە ناوەندەوە بڕیاردەر بێت و لە چڵپوپۆی بوروکراسییەتی دەوڵەتی مۆدێرنەوە دەسەڵاتەکانی بسەپێنێت پێویستی بە زمانێکی هاوبەش هەیە و زمانی ستاندارد و هۆمۆجین، یەکێک لە کۆڵەکە بەهێز و سەرەکییەکانی دەوڵەتی مۆدێرنە کە دەوڵەتی مۆدێرن پێی دەتوانێت فەرمانەکانی خۆی شۆر بکاتەوە بۆ نێو وڵات و لە چوارگۆشەی وڵات، فەرمان و یاساکانی دەوڵەت بچەسپێنێت.

کار بۆ فێرکردنی زمانێکی تایبەت و هۆمۆجینکردنی زار و گوتاری خەڵک، بە شێوەی سیستەماتیک و بە پشتوانەی هێز دەکرێت کە بارگاوی کراوە بە هزری یەک نەتەوە و یەک دەوڵەتەوە، ئەنجامی هزری یەک نەتەوە و یەک دەوڵەت، سیستەمی دەوڵەت – نەتەوەیە کە هەموو داموددەزگاکانی خراونەتە خزمەتی یەکسانکردن، یەکدەستکردن و هۆمۆجینکردنی گەل و نەتەوە، لەو چوارچێوەشدا هەموجۆرە سیاسەتێک دەگیردرێتە پێش بۆ ئاسیمیلە کردنی کلتوور و زار و وێژەکانی تر کە لە وڵاتدا بوونیان هەیە. دەوڵەت-نەتەوە گەورەترین خەساری لە سامانی مێژوویی مرۆڤ و کلتووری نەتەوەکانی جیهان داوە، چوونکو ئەو جۆرە لە ستاتۆسی دەسەڵاتی سیاسی، بۆ ڕەواییدان بە بوونی خۆی و بۆ تەکووزی نەتەوەیی، درووشمی یەک نەتەوە، یەک کلتوور، یەک زمان ، یەک وڵات و یەک ئاڵای کردووەتە بنەما. بە بنەما گرتنی هەر کام لە چەمکەکانی وەک یەک زمان و یەک نەتەوە، سیاسەتی نکۆڵی لێکردن لە زمان و نەتەوەکانی تری لێکەوتووتەوە، لێکەوتەی ئەو جۆرە لە سیاسەتی نکۆڵی لێکردن، سڕینەوەی زمان و داماڵینی شوناسی تایبەت بە نەتەوەکانی بن دەسەڵاتی نەتەوەی باڵادەستی بە دواوە بووە کە دوو جۆر لە کوشتنی هێناوەتە نێو فەرهەنگی سیاسییەوە، زمان کوژی کە بە سەپاندنی زمانی باڵادەست و یەکدەست دروست دەبێت و زمانەکانی تری نێو وڵات بەرەو پووکانەوە و سڕینەوە پاڵ پێوە دەنرێت و سیاسەتی قەدەغەی قسەکردن بە زمانی نەتەوە بندەستەکان دەبێتە سیاسەتی سەرکوتکاریی دەوڵەت و بە فەرمی و بە ئاشکەرا ڕێگری لە ئاخاوتن بە زمانە نافەرمییەکانی نێو ستاتۆی دەوڵەت- نەتەوە دەکرێت. نموونەی ئەو جۆرە لە سیاسەتی ڕێگیریکردنی فەرمی و زۆرەملی لە ئاخاوتن بە زمانی دایکی، وڵاتی تۆرکیای نوێ بوو کە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە سەر دەستی کەمال ئاتاتورک، زمانی کوردی لەو وڵاتە قەدەغە کرا و بۆ کەس نەبوو کە لە شار و گوندە کوردیەکان بە زمانی کوردی قسە بکات. بە هەمان شێوە لە کاتی دەسەڵاتی ڕەزاشای پەهلەوی لە ئێرانیش هەوڵی پیادە کردن و پەیرەو کردنی ئەو سیاسەتە درا بەڵام بە هۆی فراوانیی پێکهاتەی نەتوەیی و ناهۆمۆجین بوونی نەتەوەیی لە ئێران ئەو سیاسەتە سەری نەگرت گەرچی بۆ ماوەیەک ئەو هەوڵە بە گوشاری فراوانی دەوڵەتییەوە درا و لە هەندێک جێگا سەرکەوتنی بە دەست هێنا بەڵام لە ئاستی گشتیی ئێران تووشی شکست بوو.

جۆری دووهەمی کوشتن لە ئەنجامی سەپاندنی دەوڵەت-نەتەوە لە وڵاتە فرە نەتەوەکاندا، ژینۆساید و کۆمەڵکوژی نەتەوە بندەستەکانە کە هەم لە مێژووی سەپاندنی دەوڵەت نەتەوە لە ئەروپا ، ئاسیا و لە ئافریقایش چەندین نموونەی ڕوون هەیە کە ژینۆسایدی نەتەوەکانی تر ئەنجام دراوە بۆ ئەوەی کە شوناسێکی یەک نەتەوە و بەرهەمی سەپاندنی سیستەمی دەوڵەت -نەتەوەیە کە لەو سیستەمەدا پێویست دەکات بۆ پێناسەی یەک دەوڵەت و یەک نەتەوە، سیاسەتی ئاسیمیلە کردن و هۆمۆجین کردنی کۆی گەلان و نەتەوەکانی نێو وڵات پەیرەو و جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی کە دەوڵەت-نەتەوە بچواتە قاڵبی پێوانەیی و پێناسەیی خۆیەوە، سیستەم، کاتێک ئەتوانێت ئەو پێناسەیە وەر بگرێت کە هزر و شوناسی یەک نەتەوەیی لە چوارگۆشەی وڵاتدا لە دایک ببێت، ئەو لە دایکبوونە هزرە هاوبەش و شوناسە تاک ڕەهەندییە، بە پێوەرێکی هەرە تەیبەت و نوانەیەکی گرینگی شوناسی نەتەوەیی دەکرێت کە ئەویش زمانە، یەک زمانی و زمانی هاوبەش لە چوارگۆشەی وڵاتدا دەتوانێت چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوە بتەو بکات و تەکووزی نەتەوەیی بخولقێنێت. خولقاندنی تەکووزی نەتەوەیی و ستاتۆسی دەوڵەت-نەتەوە بە بێ هەڵوێست وەرگرتن و ملنەدانی نەتەوەکانی تر ڕووی نەداوە، کاردانەوەی هەڵگرانی بیری دەوڵەت-نەتەوە بۆ قەبووڵنەکردنی سیاسەتی یەکسانسازیی زمانی و نەتەوەیی لە لایەن نەتەوەکانی ترەوە، ژینۆساید و کۆمەڵکوژیی ڕاستەوخۆی لە دەکەوێتەوە یان لە ئەگەری کۆڵدان و دەستەمۆبوونی نەتەوە بندەستەکان، لێنگوێساید و زمانکوژیی لێدەکەوێتەوە، چوونکو زمانی نەتەوەی باڵادەست دەبێتە زمانی فەرمی و زمانی خوێندن و زمانی ئاخاوتن و هەڤپەیڤینی نێو کۆمەڵگە و خانەوادە و سەپێنراوە فەرمییەکەیە.

دەوڵەت-نەتەوە یەکێک لە جۆری دەوڵەتە مۆدێرنەکانە کە کاریگەریی فراوانی لە گۆڕینی کلتووری و هۆمۆجینکردنی کۆمەڵگە

> **زمانی ستاندارد و هۆمۆجین، یەکێک لە کۆڵەکە بەهێز و سەرەکییەکانی دەوڵەتی مۆدێرنە کە دەوڵەتی مۆدێرن پێی دەتوانێت فەرمانەکانی خۆی شۆر بکاتەوە بۆ نێو وڵات و لە چوارگۆشەی وڵات، فەرمان و یاساکانی دەوڵەت بچەسپێنێت.**

ڕەنگاڵەییەکانی مرۆڤدا هەبووە، دەوڵەتی مۆدێرن تەنیا بە نوانەی دەوڵەتی نەتەوەییەوە بچووک ناکرێتەوە، خودی دەوڵەتی مۆدێرن دەتوانێت پێناسەی دەوڵەت- نەتەوەی نەبێت بەڵام ستاتۆسێکی هاوشێوە بخولقێنێت کە خولقاندنی دۆخێکی هاوشێوەی یەکدەستکردنی کۆمەڵگە و وڵاتی لێبکەوێتەوە، پێشتر ئاماژەمان پێدا کە دەوڵەتی مۆدێرن، خاوەن سیستەمی پەروەردەی فەرمیە و بە فەرمی و بە ئاشکەرا یان لە تورکیا کە بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی گۆڕینی ڕەگەز و شوناسی نەتەوەی کورد دا بووە، زمانی کوردیی قەدەغە کردووە و نکۆڵیشی لە بوونی کورد و هەبوونی نەتەوەیەکی جیاواز لە تورکیا بێجگە لە تورک کردووە و باس و دووان لە نەتەوەی تر یان قسە و پەیڤین و دووان بە زمانی جیاواز لە تورکی با ئاشکەرا یاساغ کردووە و سزای یاسایشی بۆ داناوە، لە عێراق کورد تووشی ژینۆساید و کۆمەڵکوژی و کیمیاباران و تەعریب کرا، لە ئێران گەرچی بە فەرمی زمانی کوردی قەدەغە نەکراوە و وەک ئەتنیک و وردەکلتوور لە ئێراندا ئاماژەی پێکراوە بەڵام سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ تەنگەڵچنین بە زمانی کوردی و گۆڕینی شوناسی کوردی، سیاسەتی هێژموونگرایی و سەپاندنی زمانی فارسیی کردووەتە بنەما بۆ هۆمۆجینکردنی نەتەوەیی لە زەمەنێکی درێژەمودادا.

> **دەوڵەت-نەتەوە گەورەترین خەساری لە سامانی مێژوویی مرۆڤ و کلتووری نەتەوەکانی جیهان داوە دروشمی یەک نەتەوە، یەک کلتوور، یەک زمان ، یەک وڵات و یەک ئاڵای کردووەتە بنەما**

فەرمی هاووڵاتیان و دانیشتووانی وڵات بە زمانێکی تایبەت و باڵادەست، ناچار بە خوێندن و پەروەردەبوون دەکات، گەرچی لە هەندێک وڵاتدا دوو بۆ سێ زمانیش کراوەتە فەرمی بۆ فێربوون لە سیستەمی پەروەردە و خوێندن و کار پێکردنی لە بووروکراسییەتی دەوڵەتدا و لە هەڵسووڕانی کاری دەوڵەتیشدا سەرکەوتنی گەورەیان بە دەست هێناوە و لە وڵاتە پێشڕەو و پێشکەوتووکانی جیهانیشن بۆ نموونە وڵاتی سویسرا یان سوید یان کەنەدا نموونەی ئەو وڵاتانەن کە توانیوویانە بە فەرمیکردنی زمانی هاوبەش و فەرمی بۆ دەوڵەتی مۆدێرن، وەک سیەکان لە کۆ ئەندامی هەناسەدا پێویست و هەستیارە، بەهۆی ستراکچێڕی تایبەتیی دەوڵەتی مۆدێرن و دەوڵەت- نەتەوە، کە گرێدراوی تەکووزی لە ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانی دەسەڵات و جێبەجێکردنی هەرمانەکانی دەوڵەتداری لە کاتی خۆی و لە جێی خۆیدایە،بۆ ئەوی کە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەکانی بنەفەرمانی دەسەڵات و دەوڵەت، بە تەکووزی و ڕێکوپێکی، هاوئاهەنگیی خۆیان لە گەڵ خواست و فەرمانەکانیدا بپارێزن و بشێوی لە شۆڕبوونەوەی بڕیار و فەرمانەکان دروست نەبێت، دەبێت لێحاڵیبوون و تێگەیشتن لە زمانی ئەمر و فەرمان و بڕیارەکانی دەوڵەت دروست ببێت و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت زمانێکی هاوبەش بە فەرمی بخوێندرێت کە کۆی کۆمەڵگە و چوارگۆشەی وڵات لێی تێبگەن و بتوانن بیخوێنن و پێی بنووسن تا مەکینەی دەوڵەت بە باشترین شیوە ئەرکە دەسەڵاتداریەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت کە هێز و بەرژەوەندییەکانی لێوەردەگرێت. بۆمان ڕوون بووەتەوە و مێژووش سەلماندوویەتی کە دەوڵەت -نەتەوە، کوشتنی زمانی نەتەوە بندەستەکانی و سڕینەوەی زمان و زاراوەکانیان بە سیستەماتیک ئەنجام دەدات و دەوڵەتی مۆدێرنیش بە هەمان شێوە بە فەرمی کردنی زمانێک و پشتگوێخستنی زمانەکانی تر، ستەمێکی گەورەی سیستەماتیک ئەنجام دەدات کە بە پەروەردەی فەرمی زمانێک دەخوێندرێت و هاووڵاتیان لە هەموو نەتەوە و ئەتنیکەکانی تر ناچار دەبن هەمان زمان بخوێنن و زمانی دایکییان نەخوێنن. لێرەوەیە کە کاریگەریی لە سەر شوناسی تاکە کەسی و کۆی کۆمەڵگە دروست دەکات و دەبێتە هۆی گۆڕینی کلتووری و شوناسی نەتەوەیی، لە هەمانکاتدا دەبێتە مەترسی گەورە لە سەر کلتووری جیهانی و ستەم لە میراتی مرۆڤایەتیش کە زمان و کلتوور و شوناسی نەتەوەکان نوانەی میراتە جیهانییەکەی مێژووی مرۆڤن لە سەر گۆی زەوی. لەم ڕوانگەوە هەردوو جۆری دەوڵەت-نەتەوە و دەوڵەتی مۆدێرن کاریگەریی قوڵیان لە سەر هزر، شوناس، ڕوانگەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە بە نیسبەت یەکەوە (هەستی هاوبەشی هاونیشتمانیبوون و مافی بەرابەر)، ڕوانگەی کۆمەڵگە بەرامبەر بە تاکەکان (هاووڵاتی بە بێ پلەبەندی و هەستی هاووڵاتی بوون) و هەروەها چۆنیەتی ژیانی گەلان و نەتەوەکانی ناوخۆی وڵات بە تاک و کۆمەڵەوە، هەیە.

کۆتایی بەشی یەکەم

> **لە وڵاتی سوریا تا پێش ٢٠١١ و شەڕی ناوخۆیی ئەو وڵاتە و دەرکەوتنی خەلافەتی ئیسلامی داعش، لە بوونی نەتەوەی کورد لەو وڵاتە بە فەرمی نکۆڵی دەکرا یان لە تورکیا کە بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی گۆڕینی ڕەگەز و شوناسی نەتەوەی کورد دا بووە**